١٤٥٨
٨٩١,١١٩٢
٩٢٢٤

# دیوانی

# مەلای جەباری

١٨٠٦ ــ ١٨٧٦ ز

چاپی یەکەم

٨٢٦

کوکردنەوە و لیکولینەوە و لەسەرنووسینی

عبدالجبار محمد الجباری

# دیـــوانی

# مـەلای جـــەباری

کوکردنەوە و لیکولینەوە و لە سەرنووسینی

## عبدالجبار محمد الجباری

( چاپی یەکەم )

کەرکوک ١٩٦٨ م * ١٣٨٨ ھ

بەرەزامەندی وەزارتی روشن بیری و رابەری

لەچاپدراوە

«مافی لە چاپ دانەوەی بۆ نوسەرە»

مكتبة السليمانية
المكتبة المركزية
القسم ..........
المتسلسل ..... ١٢٥٧
تاريخ التسلم ٢١ / ٨ / ١٩٧٦
رقم ... ٥٩١١٠ ... ٥٦١
نوع العملة ... ٩٤٤ ج
تاريخ الارسال / / ١٩٦
المكتبة المركزية لجامعة السليمانية

# پیشکەش

* بەگیانی نەمری ئەو بویژە پایە بەرزانەی گەلی کورد کە هەمیشـــە نوکی خامـــە رەنگینەکەیان چرایـەکی نەکوژێنراوەی ریـــگای ئازادی نەتەوەکەیان بووە ، بەهەلبەستی ئاگرین رابەری و ری نمایشی نیشتمانەکەیان کردووە بەرەو روناکی و سەرکەوتن بو وەدەس هینانی ژیانیکی بەختیارو پر ئاسودەیی ....

* بەگیانی پاکی بیگەردی ئەو خاوەن هەستە ناسکانە کە بەزاخاوی بیری نوی و کردەوەی چاکی بەجی و گفتی راست و رەوان بەدلسوزانە بەشەوو بەروژ بیکولدان هەول و کوشش ئەدەن بو بوژانـدنەوەو گەشە پیدانی کەلەپوری نەتەوایەتیمان ، بونەوەی کاروانی گەلەکەمان لەری رەوی کاروانی پیشکەوتوی جیهان دوانەکەوی ..

* * *

# سەرەتا

ویژە و ئەدەبیات بەردی بناغەی بوونی هەمو گەلیکە لە سەر ئەم گیتی‌یە ودروشمیکی ئاشکرایەتی ، کە پایە و شـــوینەوارو سروشتی ژیانی ئەخاتە روو ، وەشوین و جیگای بە نیسبەتی پیش کەوتن و دووا کەوتنی گەلانی‌تر پیشان ئەدات ، چونکە هەر وەکو لەهەموان ئاشکرایە کە ویژە ئاوینەی بی‌گەردي گەلە ، کات و شوین و سروشتی دەرونی رولانی و ژیانی کومەلایەتیان لە سەر رویەکی بی‌گەرد بە دەرئەخـا.

وەگەلی ئیمەیش وەکو هەمو گەلانی ســـەر زەمین خاوەن سامانیکی ویژەیی زندوین ، وەلەم بارەیەوە گەلی دەولەومەندو دەس دریژین ، ئەگەر ئەدەبیاتی ئیمە لە رادەی ئەدەبیـاتی گەلانی پیشـکەوتو نەبیت کەمتریش نیە ، بەلام لیرەدا ئەوەی مایەی داخ و دل کروزانـــدنە هەتاکو ئیستاکە چەندەها شاعیری پایەبەرزی هەلکەوتوی نەتەوەکەمان هەیە نە ناویان و نە هەلبەستە تریفەدارەکەیان تومار نەکراوەوســـەر کاغزی نە دیوە ، بەلای منەوە ئەمە تاوانە ئیمە ئەیکەین بەرامبەر بە ویژەی نەتەوەکەمان ، سا کورینە تەمەلی و کەم تەرخەمی لە بارەی بوژاندنەوەی سامانی ویژەییمان هەتاکەی ؟!...

بی‌گومان کوکـردنەوەی هەلبەست و هونراوەکانی شاعیرە کونە کانمان لەئەستوی خویندەوارو تی‌گەیشتووەکانی نەوەی ئیمرویە، ئینجا بوچی هەرکەسی لە راستی خویەوە هەلنەسیت بەکوکردنەوەی شیعرو

نوسینەوەی سەرگوزەشتەی ژیانی شاعیرانی هوزەکەی بەوجورە ئەتوانین بوشاییەکی تر لە نامەخانەکانی کوردی پررەوەبکەین ، وەخزمەتیکی بچکولانەی ئەدەبی نەتەوەکەمان بکەین ، ئەویش بە دەرکەوتني ئەو دوررو گەوهەرە شاراوانەی شاعیرانمان کە سەرمایەی ژیانەوەی ئەدەبەکەمانە .

ئەرکی نیشتمانی دایك خستمیە سەر ئەو بیرە کە عەودالی کوکردنەوەی شعری شاعیریکی پایە بەرزی کوردبم ، کام شاعیر ؟!.. ئەوشاعیرەی کە ئەستیرەیەکی پرشنگدارە لە ئاسمانی ویژەی کورد ، کە هەمیشە بووەتە مایەی سەربەرزی و شانازی بو نیشتمانی خوشەویست ، بویەرەوایە عەشیرەتی جەباری کورد بنازی بە شاعیر (مەلا فتاح جەباری) ە هەلکەوتووە نەبەزەکەی ، چونکە سەربەرزیە کە شورە سواریکی دلیرو بلیمەتی وا لە جەرگەی مەیدانی ویژەییدا تاو بدات و ناوی لە ناوانا بیت .

بەستەمم زانی کە شاعیریکی ئاوها لە کتیبیکی ئاساییدا یاد نەکریتەوە و هەلبەستە بە تامە دل بزوینەرەکانی کە گرر ئەداتە لەش و گیان لە ناوجەرگەی ژیانا زندوو نەکریتەوە کە ئەبیتە هوی جوش و خروشداني کورەي دلانو ئاوەدان کردنەوەی کەلچەری نەتەوایەتیمان. هەر ئەم مەبەستە پیروزە پالی پیوەنام کە بکەومە تەقەلای کوکردنەوەی هونراوەکانی شاعیري ناوبراو ونوسینەوەی گەنجینەکانی ؛ بو ئەوەی رووي شاعیري ئەم شاعرە بەهرەوەرەمان

بەخویندەوارانی بەریز بناسینین وئەو هەلبەستە بەتامە بلاو نەکراوانەی لەکتیبیکی شـــینەییدا بنوسینەوە و بیخەینە پیش‌دەس ، بەو جورەیە ئەتوانین خزمەتیکی بچوکي راستەقینەی ئەدەبەکەمان بکەین .

ئەوەی شایانی باس بیت لیرەدا ئەوەیە کە شعرەکاني مەلا فتاح جەبـاری هەتاکو ئیمرو لە کتیبیکی ئاوهادا بە ریکوپیکی لە بەرگیکی قەشەنگدا خوی نەدیووە و کونەکراوەتەوە ، بەبی‌خاوەنی و سەروشوینی لە دلی چەندکەسیکدا پاریزراوە و بەس ، بەمردنی ئەو چەندکەسانەیش بی‌گومان شعرەکانیش ئەچیتە ژیر گلەوە زیان و زەرەرمەندیش هەر بو ئەدەبی نەتەوەکەمان ئەمایەوە .

لە بەر ئەو مەبەستە باسکراوانەي سەرەوە بە دل و بەگیان خزمەتی کوکردنەوەي شعرەکانی ئەم شاعیرەمان گرتە ئەستو ، بە هەر حالی‌بوو هونراوەکانی ئەومان لەدەم ئەم و ئەوەوە وەرگیراوە و لە دوای لیکولینەوەیەکی ورد نوسیمانەتەوە، لەگەل ئەوپارچە هەلبەستانەی کە لەلاپەرەکانی گوفاری گەلاویژو دەنـگی گیتی تازە و کتیبی میژوي ئەدەبی کوردي ماموستا علاء الدين السجادی کە لەکاتی خویا بلاو-کرابووەوە و ئـەم کتیبەمان لی پیك هینا ، هیوادارم کە ئەم کارە پیروزەمان لە سەر ئەو هەمو کەم و کورتی‌یە زورانەی جاری شوینی رەزامەندی خویندەوارانی خوشەویست بیت و ســـود بە هەمولایەك بگەیەنیت ، لە هەمان کاتیشدا تکا لە هەمو دلسوزانی نەتەوەکەم ئەکەم بوریك و پیکی و تەواوبونی ئەم دیوانە بەنرخە دەسی یارمەتیمان .

بودریژ بکەن ، هەر هەلبەستیکی ئەم شاعیرەمان کەلەم کتیبەدا بلاو
نەکراوەتەوە شك ئەبەن بومان بنیرن ، وەهەر کەم و کورییەك لەم
کتیبەدا بەرچاوتان ئەکەویت ئاگادارمان بکەنەوە و چاو لە هەلەکانی
مەپوشن بوئەوەی لە دوا روژیکي نزیکدا خوا یاربی لە چاپ دانەوەی
دووەمي بەتەواوی وەبە شیوەیەکي باشترو بی‌گەردو خاوین بیتەبەرچاو.

پیش ئەوەی کوتایی بەم کورتە سەرەتایە بهینم بە دلیکی‌فراوانەوە
سوپاسیکی بی‌پایانی ئەوبەریزانەئەکەم کەلەکاتی کوکردنەوەو نوسینەوەی
ئەم کتیبەدا دەستی یارمەتیان بو دریژ کردم بە تایبەتی : جەنابی شیخ
حسین سیدمحمد جەباری‌و مەلاخورشید سیامەنسوری وعزالدین محی‌الدین
جەباری و علی شیخ صمد و چەند دلسوزیکی‌تر ....

ژیانیان بەردەوام بیت بوخزمەت کردنی ئەدەبی کوردی .

عبدالجبار محمد الجباري

١٩٦٨/٩/٩ کرکوك

# سەرگوزەشتەی ژیانی مەلا

خاوەن باس و خواس ناوي (فتاح) ە کوری سید مصطفی سید اسماعیل سید جانی‌یە لە تیرەی سید عبد الجباری (١) گەورەیە لە سالی (١٨٠٦) ی زاینی لە ئاوایی (بانگول) (٢) هاتووەتە دونیاوە نازناوی شاعیری بە (مەلا) ناسراوە. مەلافتاح کەدیتە دنیاوە و چاوی بە سروشتی شیرینی خوداوەند ئەگەشیتەوە وەکومنالیکی بلیمەتی‌هەستیار چیژەی خویندن لەناخی دلیا لە شادەمارەکانیا ئەقولی ودلی بوی لی‌ئەدا

---

(١) سید عبدالجبار : لە دانیشتواني شاری «حما»یە لە شام ، پاشاي عثمانی ئەو سەر دەمە چوار سەدە لە مەوپیش چەند پارچە زەوی‌یەکی دیاری کراوی لە ناوچەی جەباری پی‌بەخشي بو ئەوەی خزمەتی تەکی‌یەی جەباری پی‌بکات ، ئەویش بە مال و خیزانەوە هاتە ناوچەکەو جی‌نشینی دی (تەکیە) ي جەباري‌بو ، خەلکیش خزمەتیکی بی ئەندازەی ئەم ذاتە ئاینی‌یەیان‌کرد ، لە پاش ماوەیەکی کورت خوی گەرایەوەو شیخ شـــرف الدینی کوری لە شوین خوی بەجي‌هیشت .

(٢) دی بانگول : دی‌یەکە لەم (٣٤) دی‌یەي ناوچەی جەباری : ( ئالیاوە ، تەکیە ، گولەمەو ، بانگول ، شیخ محمدی خوارو ، شیخ محمدی ژورو ، داول ، سوران ، گوران ، قوچەلی ، زەوج ، تەپەکورە ، جانی ، زنەخور ، موردانە ، جافان ، کولەبان ، حمەشریف ، هەنارەی محمد امین ، هەنارەی حمە سعید ، شیرەدەرە ، سەوزکە ، هەفتا چەشمە ، حسن خانە ، چیمەن ، تاویربەرز ، نەوروز ، پاریـاولە ، علی مصطفی ، زەردە ، محمود پەریزا ، قەلاویز ، حەمك ، پوزل ) .

وەسیەتی خوی لە وی ئەنیژری . بەوجورە ئەستیرەیەکی پرشنگداری
ناودار لە ئاسمانی شعرو ئەدەبیاتی کورد ئاوا ئەبیت، بەلام بەرهەمی
دیرینەکانی تا دونیا دونیابیت هەر زندووەو نـەمرە ، لە دلی رولانی
نەتەوەکەیا هەمیشە پاریزراوەو یادی ئەکەنەوە .

مەلا فتاح پیاویکی بالا بەرزی باریکەلە بووە ، دەم و چاوی
دریژکارو چاووبروی رەش بووە ، برژانگ کورت و چاوی زورگەورە
نەبووە ، گەنم رەنگ وگوناکانی قوپـاوبون ، ریشە تەنکە سپیەکەی
قەلەم ئەکرد ، سمیل و چەناگەی دریژبون ، کەواو سەلتەو لبادی لە
بەر ئەکرد و جامەدانی ئەبەست بەسەرەوە ، عەباشی هـەبو ، لەقسە
کردنا خیرابووە ، توررە تەبیعەت زوویش هیمن ئەبووەوە ، بەپیی
توانـاو دەسەلات بەرچاو تیربووە ، بەدەس چەوساندنەوەی ژیانەوە
زور دل برینداربووە ، هەرچەندە زوری نەخویندبوو بەلام زیرەك و
موتالا دوست بووە ، لە ناو عەشیرەتی جەباری‌یدا مەزن و بەریزبووە
روی لە هەرلایەك بکردایە بە چاویکی شـادەوە دەس لە سەر سنگ
لە بەردەمی هەلئەسان ، هەمیشە خوشەویستی دەستەی پیروگەنجان بووە
لەگەل گەورە گەورەبووە لەگەل بچوکا بچوك، هەمیشە عەشیرەتی جەباری
شانازی پیوە کردووە ، چونکە مەلافتاح ئالای شەکاوەی عەشیرەتەکە
بووە ، وەکو ( ممثل ) یکی دانراو نوینەرایەتی عەشیرەتەکەی کردووە
لە هولایەك .

هەرچەندە مەلای لادیش بووە بەلام پشتی بەرەنجی شانی خوی

ئەستور بووە و چاوی لە دەس هیچ کەسی نەبووە ، نانی بەرەجوتی خوی نەگوریوەتە نازو نیعمەتی مروف .

بەلام مەلا فتاح لەگەل کاکی سید قادر ( سەرکردەی عەشیرەتی جەباری ئەو کاتە ) هەمیشە ناریك و نەگونجاو بووەو دانولەیان لەیەك مەنجەلا نەکولاوە ، ئەویش لەبەر ئەو چەند هەلس و کەوتە بی پەسەندانەی سید قادر کە دەربارەی هەمەوەندەکان ئەی کرد کە مایەی بیزاربونی مەلا فتاح بووە ، بویە مەلایش دەربەدەری ناو عەشیرەت بووە و ئاوارەیی پەسەند کردووە . لە بارەی کاکی‌یەوە چەند هەلبەستیکی پرر گلەیی هونیوەتەوە وهوکانی دل تورانی ئاشکرائەکات.

* * * * * * *

# ژیانی کومەلایەتی مەلا

مەلای جەباری ئەوە نەبیت لە ناوچەیەکی تەسکدا بەشورەت و بە ناوبانگ بیت و بەس، بەلکو وەکوئەستیرەیەکی تریفەداری ئاسمانی شین و بەرین دیارو ئاشکراو بە ناو بووە ، بە پیاوەتی و سەخاوەتی و بەخاوەن دیوخان ناسراوە، هەمیشە لەگەل پیاوە بەرزە ماقولەعەشایرە کانا هەلس و کەوتی کردووە و جولاوەتەوە ، هامشوی سەرداران و شاعیران و والیانی عوسمانی کردووە و ئەوانیش هەر بەو تەورە بەناو داریکی پیاوچاکی هەلکەوتوی عەشیرەتی جەبارییان(١) زانیوە وریزیان لیگرتووە .

مالەکەی مەلا بەچاوگەیەکی زانیاری و روشنبیری ناسراوە و هەردەم شوینی کوبونەوەی دەستەی شاعیرانی کوردبووە و کوری شاعیري تیدا گەرم کراوەو بازاري هەلبەســت و هونینەوە و قسەی نەســتەق لە ویدا ئاوەدان کراوەتەوە و جیگای فیربون و پەروەردە کردن بووە ، بویە لەهەمو لایەکەوە خەلکی بەتاك و توراك بەتیکرایی

(١) عەشیرەتي جەباری : ئەو عەشیرەتە کوردەیە کە لە ناوچەیەکي تایبەتي لە قولی خواروی خورهەلاتی شاری کەرکوك لە میژەوە جی نشین بوونە وچەندها پیاوی بەرزی بە ناوبانگی تیدا هەلکەوتووە وەکو : معروف عبدالغنی الرصافي شاعیرو سید علي أصغر کوردستانی گورانی بیژی بەناوبانگ و چەند کەسیکيتر .

رویان کردووەتە یانە ئاوەدانەکەی .

خو کردبوی بەعادەت سالی جاریك یان دوجار مەلا ئەچووە سەردانی محمود پاشاي جاف ، لەلاي دوو هەفتە سی هەفتە بە مانگ دەمایەوە و خزمەتیان ئەکرد ، ومحمود پاشایش هەرچەند لە کویستان وگەرمیان بگەرایەوە ، ئەوە سەریکی هەر لە مەلا فتاح ئەداو چاوی پی ئەکەوت و میوانداری‌یەکی پی‌ئەکرد . ئاشنایەتی مـــەلاو بنەمالی ئاوەدانی جاف گەلی دروست و ریك و پیك بووە ، چونـکە مەلا لە لایەن ئەوانەوە گەلی خوشەویست و بە حورمەت بووە ، بویە هەموسالی مەلایان خەلات ئەکرد بە پیشکەش کردنی چەند دیاری‌یەکی بەنرخ.

مەلا فتاح زەلامیکی دل فراوان و چاو تیربووە ، دوست پەرست وحەق ناس بووە ، لە پیناوی راستی و دروستیا چەند جار سید قادر براگەورەی توراندووە و بو غزاندویەتی .

لە سەر ئەو کەشمەکەشیانەی روژگار کە بەبەردەوامی بەر پی‌ی مەلای گرتبوون مل کەچ و دل شکاو نەبووە ، داخی لە ژیان نەخوا ستووە و بیزاري و وەرس بون « تشاؤم » ی پیشـان نەداوە ، هەمیشە دلی بەژین خوش بووە و لە باسی شیرین و ساقي و بادەی خوی نەـ کەوتووە ، ئەوەمان لە یاد نەچیت کە مەلا فتاح لەلایەن خواپەرستی وزکرو تەلیلەکردن غافل نە بووە ، خواشناس و لە خواترس بووە ئەگەر چاویك بە هوانروەکانیا بخشینین راستی موســـلمانیتی مەلامان بودەر ئەکەوی .

هەنگوینی دوست و ئەغیارانی لە خوی کو
گفت و لفتی شیرینی و زمان پاراوی دلی
کردووەتەوە ، بە نوکتەو قسەی دل فینك کەرەوە و
پەستی هیناوەتە هەلە کە سەماو گەشەکردن ، هەلس و کەوتە ریك و
پیکەکانی، قسە پررماناو بەجی‌کانی ئەو شـەخسي‌یەتە ماقولەیـەی بوی
پەیداکردووە، شورەتی پیاو چاکی و دلـیری هەتا هەتاي بوي بەجی
هیشتووە، ئیستایش جم و جولە سەیرە پررماناکانی و وتە بەنرخە دل
بزوینەرەکانی لە ناو خەلکیدا لەکوری دانشتندا لەسەرباسەکانا بیجگەلە
هەلبەستە تامدارەکانی بەشیوەیەکی کومیدی دلکەرەوە لاسایی‌ئەکەنەوە.

★ ★

★

★

# پایه بەرزی مەلا لە بویژیتیدا

مەلای جەباری لە باوشی خیزانیکی وەجاغ زادەی روشن بیری جەباری چاوي هەلیناوەتەوە کام خیزان ؟.. ئەو خیزانەی کەهەمیشه شعر دوست و تامەزروی هونینەوە بووە و دیوخانەکەیان بەبەردەوامي شەوچەرەی شاعیران بووە. بی‌گومـان سروشتی‌کات و شوینیش کاریکی تەواو ئەکاتە سەر بیرومیشـکی مروف ، وە روژگاریش دەوری خوی ئەبینی لە ژیانا.

مامي مەلافتاح ( مەلا احمد سید اسماعیل )(١) شاعیریکی بەتوانی جەباری‌بووەو شعرە بەتامو بووەکانی هەوەسی شاعیری مەلای‌بزواندوە وچیژگەی شعری لە ناخیا چەسپاندووە ، وەمەلا سروشتی یارمەتی‌داوە لەو مەیدانەدا ، هەر بەشیري گیاني شـاعیری تیدا خولقـاوە و تەزوی بویژی لە شادەمارەکانیا گرری خواردووە ، ئینجا خوشەویستی سروشت ودەس بەمل خستني ژیانی ئازادی‌و سەربەستی‌و هاتوچوکردنە زورەکانی

(١) احمد سید اسماعیل : شاعیریکی نە خویندەوارە لە سالی ١٧٧١ زاینیدا لە دي بانگول لە دایك بووەو لەویش وەفاتی کردووە .

هەوینی خاوێنی شاعیریتی‌یەتی .

ئەم شاعیرە کوردە بلیمەتە خزمەتێکی راستەقینەی ئەدەبەکەمانی کردووە و بووەتە مایەی سەربەرزی و بلندیتی رادەی هونەری ئەدەبی کلاسیکیمان ، خو لە هەمو مەیدانەکانی شعر هونینەوەدا گەرراوەو سەری لە هەمو کەلین و قوژبنێکی داوە و تاقیشی کردونەتەوە و دەستی وەستایی نەخشینی نواندووە لە هونینەوەی « اغراض » ە هەمە جوری شیعری‌یەکانی کوردی‌یا ، بیجگە لە زمانە شیرینە کوردی‌یەکەی خوی بەتورکی‌و فارسی‌و عربی هەلبەستی داناوە و شارەزاییەکی تەواوی لەو سی زمانە بیگانانە پەیداکردووە ، بەلام ئەوەی شوینیداخە کەزوربەی ئەو شیعرە عەرەبی و تورکی و فارسی‌یانەی بەچنگمان نەکەوتووە بەس پارچە هەلبەستیکی فارسی نەبی .

مەلای جەباری شاعیریکی بە ناوبانگی سەدەی ( نوزدە هەمە ) لەگەل (مەولەوی) هاوری‌یا هاو چەرخ و هاوتا بووە ، هەمیشە هامشوی یەکتریان کردووە ، چیژگەی شاعیری کویانی کردووەتەوە و یەکتریان بەیەك ناساندووە ، چەندەها جار هەلبەستیان لە یەکتر گیراوەتەوە . پیش ئەوەی مەولەوی بە مەلا فتاح بگات و ئاشنایەتیان پەیدا بیت ، ناوی شاعیریتی مەلای بیستو بو کە هونەرمەندیکی پرر توانایە لە هونینەوەدا ، بویە مەولەوی بەگەرمەوە بەدل ویستی دەسەلات و توانای شاعیری مەلافتاح ببینی و بە ( مقیاس )ی شاعیری خوی هەلیسەنگینیت تاکو بزانیت تاچی رادەیەك مەلا لە ناخی بویژیدا کولاوە و رادەی

بەرەوەری چەندە ؟!.. لە بەر ئەم مەبەستە مەولەوی(١) چاکی لی‌هەل ئەمالی وریگای ناوچەی جەباري ئەگریتە بەر ، لەم دي بو ئەو دي ، هەتا ئەگاتە دی بانگول خورە زەردەی سەر لە ئیوارە ئەهینیتە سەر کەل ، لە وي دەم و دەس پرسیاری مالی مەلا فتاح ئەکات ، خەلکی دی‌کەیش پی‌ی ئەلین : مالی مەلا لە زووەکەوە باری کردووەتە دي ( تاویر بەرز ) ، ئنجا لەبەر ئەوەی کات کاتی‌ئیوارەیە خەلکی ئاوای‌یەکە داوا لەم پیاوەغەریبە ئەکەن کە توزی بحەسیتەوە و شیوی بخوات و لە پاشان ئەگەر ویستی ئوغربکات بو تاویر بەرز ئەوە کەیفي خویەتی بەلام مەولەوی ئوقرەی نەگرت و نە سرەوت ، گوی بەوە نەدا کە ئیوارەیەو کاتی نان خواردنە و ریگەیەکی دووری بریوەو پیویستە پشویەك بەخوي بدات وتی : ئیشەکەم زەروری‌یە هەر ئەبی بچم . ئیتر خەلکەکە زانیان رجایان بە هیچ ئەچیت لە قسەی خوی داناکەوی و پی جیرکردووە و لە سەر کیوي نە علەت نایەتە خواري زەلامیکیان خستە تەنیشتی بوري نمایشي‌کردني ریگاوبانی دی تاویربەرز بەوشەوە گەیشتنە تاویربەرز ، سەیرئەکەن زوربەی خەلکی ئاواییان بە نیوەچولی

---

(١) ماموستا عبدالکریمی مدرس لە کتیب [ دیوانی مەولەوی ]ە بە نرخەکەیدا ئەم چوونەی مەولەوی بو لای [ شیخ عبدالرحمانی خالصی تالەبانی ] زانیوەو داویتیە قەلەم بەلام ئیمە بەبی هیچ عاتیفەیەك ئەلین : وانیە ماموستا لەم بارەیەوە هەلەیە ، چونکە ئەمە شتیکی شاراوە نیە بە نسبەتی خەلکی جەباری ودەرەوەی کە بە راستو دروستی بە سەرهاتی چونی مەولەوی بو لای مەلا فتاح بە دورو دریژی ئەزانن ، ئیمە لیرەدا پی ناوي زور لە سەر ئەم باسە بروین بەس ئەوە نەبیت کە ئەلین : ئەم باسەیان بە ناردیکی وناراستي بو ماموستا مەلا عبدالکریمی مدرس گیراوەتەوە .

بەجی هیشتووە و هەمو وا لە بەهارە هەوارن و مـەلایش لەگەلیانە،
جیگای بەهارە هەوارەکەیان لە گوندەکەوە نزیکە و هەر لەو دەوروبە
بەرە چیغ و دەواریان هەلداوە ، بویە لەویشەوە پیاویکیتریان لەگەلی
نارد بولای مەلا ، بەو نیوە شەوە تـاریکو نوتەکە بەرەو چیغی مەلا
لیژەوە بوون ، مەولەوي کەلە چیغی مەلا نزیك ئەبیتەوە لە پەنایەکەوە
ئەنواریتە ناو چیغەکەی ئەبینیت مەلا فتاح هیشتا نەنوستووە و لە سەر
بەرمالی خەریکی تەسبیحات و زکرکردنە ، بویە لەپریکدا ئەم شعرەی
« بیسارانی » بەدەنگیکي شاعیری بە سەریا ئەخوینیتەوە :

شەوەن ، خەلوەتەن ، مال بی ئەغیارەن
ئالەم گرد وتەن ، دوس خەبەردارەن

مەلایش بەبي وەستان بەم بەیتە شیعرە وەلامي ئەداتەوە :

ئیرادەم ئیدەن وەی کەلپوسەوە
شەونالین وەشەن وەلای دوسەوە

مەلەوی لەم دیو چیغەکە وەستاوەو لە سەر شیعرەکەی ئەرواو باسی
خواناسي زکرو دەرویشي ئەکات وئەلیت :

بەزم هام فەردان یار موبەت کیش
یەك ئیمشەو دەفی دەرویش ، هایدەرویش

باوەرر نە کوررەی وەلوەلەی دەف دا
رووی پەندو تەوبیخ وەهەر تەرەف دا

رووی پەند ، ئەو یاران دل وەجەهدو جەخت
رووی تەوبیخ ، ئەولای مەعدوومي بەدبەخت

نەوا میهمان بو تو نەویـــنی کەس
خـــەفەت بو پەریت تا ئاخر نەفەس

دیدەت توز غـــەیر نیشتەنش وەنە
جەجوی سەوزەی دل ئاویش دەرپەنە

وەر تو بینابیت پەردەش هانە ســـەر
ئەو تو موینو جـــەتو زەریف تەر

ئەمجار یادکەر عومر عەبەس ویەردەت
باوەرر وەخاتر ناپاکي کەردەت

سەر ئەفگەندە بەرچون شەرمەزاران
چەمەی چەم هورکەر چون سەیل واران

بە دل شورو بەو ئاو کەرەم فراوان
بابەت وەبابەت سیاهەی تاوان

به ناسینی شیوەی دارشتنی شعرەکانیا ئەزانیت کە ئەم پیاوە غەریب
میوانەی شـــاعیری بە ناوبانگ [ مەولەوی ] یە ، بویە دوای کوتایی
هینانی هونراوەکەی دەس بەجي بەخیرهاتنیکي گەرم وگورري ئەکات و
بەو شەوە نان و خواني بو ساز ئەدات ، هەردوکیان بە هەلیان زانی کە
هەتاکو گزنگيهەتاوي سەر لەبەیاني نوي پیکەوە دابنیشن وخەونەچیتە
گلینەي چاویان ، لەو شەوە شاعیری‌یەدا بازاری شـعر هونینەوە گەرم
ئەکەن . ئا بەو جورە مەولەوي پایەبەرزي شاعیری « مەلافتاح » ی بە
دەرئەکەوي ودان ئەني بەشاعیریتیا .

لە هەمان کاتیشدا گەلیك جار نامەي دوستانەي لەنیواني خوي و
شاعیریکي زەنگنە « غەمناکي بچوك »دا (١) هەلاوگورر کردووە ، ئیمە
وا تەنها ئەم پارچە هەلبەستەي غەمناکي بچوکي زەنگنە کە بو مەلاي
نوســـیوەتەوە ئەیخەینە پیش چاو کە باسي بلیمەتي و ئازایەتي و
تیگەیشتویەتي ئەکات :

فتاح فتنەی لەیل . فتاح فتنەی لەیل
فتاح فتان ، فتنەی فتنەی لەیل

فتاح لەیل ، عەین مەست وەسورمە کیل
توش کەردە وەك(قیس)پەی هەردەی دوجەیل

(١) غەمناکی بچوك : خەلکی ئاوایی ( قەیتول )ە لە تیرەی زەنگنەیە . هاوچەرخی مەلا
فتاح جەباری‌یە ، دەلین لە سالی ١٣١٤ هجري لە تەمەنی [ ٧٤ ] سالیدا مردووە

له عیشوەی خاراج ئەو شیرین شیوه
قامەت لیویان بەد تربیت لیوه

هەقت وه دەستەن فتاح فهیم
وارث جان (ارسطو) ی حکیم

هام دەرد (بهرام) نەمەدپوش (چین)
فرهاد کوکەن دیوانەی شیرین

مەواچان چەنی ئەو لەیل پرر مەیل
سەد تانه مەدو له زولەیخا و لەیل

شەخسی بو وەی تەور حوری لیقابوو
هومایی سیفەت (عزرا) بەقابوو

مذکور جزیل حب باري بوو
باشقەی مهرەوان گشت جەباری بوو

ئەسپەردەی بارگەی امام ذا النور بوو
پیش رەمی بالاش ، روی سیاه کور بوو

پەی نیم نگاي ناز ، دیدەی غەزال قو
ویلەنی نەکاو هەردەی سەلواتو

تەوەللان جەتو سەرکوي کلاوان
سەلواتو نەسوز نالەی تو ئاوان
سەرکیوان خەلات کافوری پوشان
بولبولان بادەی خاموشی نوشان

ئا بەو جورە مەلای جەباری شوینیکی تایبەتی دیاری کراوی هەیە لە ناو کومەلی کوردەواري‌یا هەمیشە خوشەویست شاعیران و شعر دوستان بووە ، وە بەبەردەوامی ریزیان لی‌گرتووە و ئەبیت گرنگی بدریتە هەلبەستە شیرینە تریفەدارەکانی .

ئیمە ئەتوانین بەیەك دەنگ بلین کەمەلا فتاح بووەتە هوی‌گەشە پی‌دانی گولزاری شیعرو ئەدەبیات لەناوچەی جەباری‌و چیژگەی ئەدەبی بە هەمو کونج و قوژبنیکیا بلاوکردووەو بووەمایەی بەحورمەت گرتنی هەلبەست و شاعیران لەناو کومەلی خەلکا ، خو حەمە لوتەو سید علي سید فتاح‌و سید محمد سید فتاح سـید علي و مەلا سید احمد مەلا شریف‌و حمەعلی‌محی‌الدین‌و حسین سید رشید... ئەم دەستە (١) شاعیرە بلیمەتە جەباری‌یانـە هەمویان قوتابی قوتابخانەی شـیعري مەلان ، وە هەمیشە تامەزروی هەلبەستە دل بزوینەرەکانی مەلا بوون‌و لە بەریان کردووەو بووەتە چاوگەی ئیلهامی شیعری‌یان‌و لەسەر ریچکەو ریبازی شیعری ئەو هەلبەستیان هونیوەتەوە .

---

(١) شعرو سەرگوزەشتەي ژیاني ئەو شاعیرە ناوبراوانە لە کتیبیکی تاسایی جیاوازدا لە لامان نوسراوتەتەوەو لە پاشە روژیکی نیزیك بە ناوی (دیاری‌شاعیرانی جەباري) ئەکەویتە ژیر تیشکی چاپەوە ....

# هەڵبەستەکانی مەلای جەباری

هەمو شاعیرو نوسەریك بە سروشتی وجودییەتی خوی خاوەن بیرو هەستو رازیکی تایبەتی‌یە ، بویە بەرهەمە هەلقولاوەکەیان رەنگ وبویەکی جیاوازي هەیە لەگەل ئەوانی‌ترا ، ئەگەر بیتو بەوردی لە بەرهەمەکانیان بکولینەوە بە شیوەیەکی پوختەو کاکلە کراو ئەتوانین لە نەفسیات و سروشتی شەخسییەتیان بگەین وپەردە لە روی راستی نهینیە کانیان لابەرین و بە پیوانـ ( قیاس ) ی تایبەتی بپیوین و رادەي پیشکەوتنیان بەگویرەی دەسەلات و تواناي ئەدەبی خویان دیاری بکەین.

ئەگەر زیاتر بچینە ناو ئەدەبیاتی مەلاوە و دراسەتیکی وردی قەریحەي شعری بکەین، لە پیشان تیبیني شیوەی زمانی شعری ئەکەین کە بەزوری بە لەهجەی هەورامی هەلبەستی هونیوەتەوە ، چونکە لەو سەردەمەدا زوربەي شاعیرانی کورد هەر بە هەورامی شعریان وتووە ولەهجەی هەورامی بە لەهجەیەکی شاعیری ناسراوە ، ئەوە لە لایەك لە لایەکی ترەوە ئەوەمان بو دەرئەکەوی کە مەلا لە دەریاي وشەي فارسي وتورکی وعەرەبیدا مەلەی کردووەو لە کاتی هونینەوەدا سودی لی وەرگرتووەو بەکاری هیناون ، ســـەرەراي ئەوانەش جەوهەري

دەستەلاتی ویژەیی وبویژیتی خوی لە ناو بوتەي زمانی شیرینی کوردیدا
دارشتووە ، خو بە کارهینانی چەند وشەو رستەیەکی ئایەتی قورئانی
رادەی نرخی شعرەکانی بەرزەوە کردووەو زیاتر کاریگەر بووەو
چووەتە ناخی دلی خەلکەوەو پەسەندیان کردووە .

هەلبەستەکانی مەلا لە هەمو لایەنیکەوە رەوان و پوختەو پەسەندن
خاوەن ئاوازیکی موسیقـاي دل بزوینەرە ، گرر ئەخاتە دەرونەوە ،
دل ئەجوشینی ، بیر ئەخاتە خەیالیکی بیپایانەوە . لە ناوچەی جەباری
لە دەرەوەی خەلکی بە ئاوازیکی دەنگ خوش ئەیکەنە گورانیوبەسته
بە مەقامی ( قەتار الله وەیسي ، خاوکەر ) (١) ئەیلینەوە بویە هەمیشە
گرری خوشەویستی مەلاو شعرەکانی لە دلانا هەتا هەتایە گلپەی دانامرکی
ولەو جیگە بەرزەی کە بوی دانراوە دانابەزی .

مەلا شاعیریکی دلتەرو هەوەس پەرست بووە ، ئاسوی خەیالی
گەلی روشن و فراوان بووە ، وشەی پرشنگداری کاریگەر لە گەل
سوزو عاتیفەیەکی ناسك لە پیاهەلدانی سروشتو غەرامیاتدا دەسبکی

(١) مەقامي ( قەتار الله ویسی ـــ خاوکـەر ـــ تیهەلکیش ) بەشیوەیەکی تایبەتی لە ناوجەرگەی عەشیرەتی جەباریەوە هەلقولیوەتەدەر، وەمیژووی داهاتنی ئەو مەقامانە ئەگەرریتەوە بو دەورو بەری سالی ١٧٨٧ ز، بویەکەم جار لە دي ( ئالیاوە )وە ئەلرا کردووەو کەوتووەتە سەر زاری خەلکی دیکانی تری جەباری ، دانیشتووانی ناوچەی جەباری بە گەورەو بچوکیانەوە ، پیاوە پیرەکانیان بە تایبەتی زور بە باشي وریکوپیکی ئەو مەقامانە ئەلینەوەو بە سـوزیکی ناسکەوە مروف ئەخەنە ئاسمانیکی پرر خەیالەوە ، وەلە میدانی جریکاندنیئەو مەقامانە گەلی پیاوی بە شورەت ناوبانگی دەرکردووە ، بەلام ریك وپیك ئاوازی ئەو مەقامانە هـەتاکو ئیستاکە لە ئیسگەی کوردی عیراقا تومار کراوە کاك کریم ( محیالدین سید کریم جەباری ) بە دەنگیکی خوش وناسك ئەیلیتەوە .

بالای وەستاکاری هەبووە ، بویە هونراوەکانی لە روی ماناو ئاوازو دارشتني رستەکانی گەلی پوختەو ریك وپیك بووە .

ماموستا علاءالدین سجادی لە لاپەررەی ( ٢٨٦ ) کتیبەکەی (میژوی ئەدەبی کوردی) لە بارەی شعرو شاعیری مەلاوە ئەفەرموی :
( مەلا خوی ئینسانیکی عاتیفی بووە ، یەعني شعری لە عاتیفەیەکی ناسکەوە وتووە ، شعرکانشی لە هەمو دەوریکیانا ریچکەی تەبیعەت و غەرامیان گرتووە ... )

لە هەمان لاپەررەدا ماموستای ناوبراو لە بارەي هەلبەستی ( نەووەهار ، شیرین تاتاکرد )ي مەلاوە کە لەم کتیبەدا ئەیخوینننەوە ئەلیت ( تو گەلی شعری ترت لەم دوو بابەتە بەر چاو ئەکەوی وپی ئاشنا ئەبیت ، بەلام ئەو کارەساتە کە ئەم شعرانەي مەلا ئەیگیررن ، وەئەو تاسیرانە کە ئەمانە ئەیکەنە سەر دەماغ لام وایە کەم شاعیري تر توانیویانە بەم جورە ئەم پەیمانە بدەن ، کەم لە شاعیرانی تر توانیویانە ئاوا عاتیفە بخەنە گەوهەري ئەو وشانەوە کە ئەو هیناونیەوە ووایان لی ئەکا کە جاري ئەبن بە شنەی بای شەمال دل ئەگەشیننەوە ، جاری ئەبن بە تەلی روباب پەردەی گویی ئەزرنگیننەوە ، جاریکش ئەبن بە هیزیکی مەعنوی پیاو ئەبورینەوە !... ) .

ئەبیت ئەوەمان لە یاد نەچیت کە مەلا فتاح سەری لە هەمو بابەت و جورەکانی هونراوە ( اغراض الشعر ) داوە وهەلبەستی هەمە رەنگەی لە بارەی دلداري وخوا پەرستیوپەلاماردان وپیاهەلدان و

لاواندنەوەوە بە بیری روناك وزماني خوش و رەوانەوە هونیوەتەوە و
لەو هەلویستانەدا ئەسپی شارەزایی تاوداوە وشورەتی سەربەرزی بوخوی
پەیدا کردووە، ئەگەر سرنجیکی ورد لە هونراوەکانی بدەین ، بەباشی
هەلیان سەنگینین راستی دورستی وتەکەمان بە دەر ئەکەوی .

عمادة كلية الآداب
المكتبة
١٤٥٨

# هونراوه كوردى يه‌كانى

## مه‌لاى جه‌بارى

# نەوبەهار

میرزام ! یە وەعـدەی نەو وەهارانەن
ســـەرەتای تەلمیت خاتر دارانەن

فەســـل وەسل دوست سەیر هەردانەن
لە رەی لەرزانەی زەنـەخ دارانەن

زەمزەمەی بولبول، دەبدەبەی گولەن
نە زارەی هوزار دەروون پرر چلەن

نە پرشـەی شـــەونم نە روی پەردەوە
نەرگز مەســـت چەم وەلاو کەردەوە

نەقارەی منـقار تەیران سـوب خیز
بیزەنان نەغمەی نەکیسای پەرویز

چریکەی چەکاوس چون حەنجەرەی عود
مەردەنگ چل چەنگ پەنچەی بارە بود

هوهوی بایەقوش شـــەو وەهەردەوە
زام دەردینـــان تازە کەردەوە

دەنگی قیررەی قاز سوب نەسەحرای سوس
مەر موزیقەی مەشق شەهەنشاي عروس

تیپ تیپ قولنگان قەتارەي قازان
مـــیرزام تاوەروژ ئاوات مەوازان

جەرەس وەئاهـــەنگ خوش قانونەوە
دەنگ وەســـەدای ساز ئەرغەنونەوە

قومری وەقوقوی نەغمەی هویشـــەوە
مل وەتەوق زەرر وەفـا ریشـــەوە

قوقوشەن وەفەرق شـــاخ سەروەوە
مەرحاجی وەرای « صفا » و « مەرو » ەوە

قەواقوي قـــەتار قولەنگ تیژ پەرر
کەردەن هوش‌و گوش «کەررو بیان » کەرر

فەرش فەرەح بەخش سەوزەی قەدەم خیر
فەرشەنەن وەملك سەحراي گەرمەسیر

دەی ساجەی دەم‌دا هەرکەس دلیش بو
چوین بولبول هەوای سەودای گولیش بو

یاخود چوین فەرهاد دل ئاهەرین بو
مـەزەی مەزاقش نـام شیرین بو

یاخود جە دەروون مایە مەیلش بو
چون مجنون هەوای خال لەیلش بو

مەبو ئەزم سەیر سـەوزەو ساراکو
دامانش نەهون دەروون داراکو

نەو فیض فتـوح نەو وەهـارەوە
نەو بیضـای ئەنوار کوی دلدارەوە

سەیر سەحراو دەشت سەر دیارانەن
نالەی مورغ زار ... میرغوزارانەن

دوسـت لە بەهانەی دلسـتانی بوو
لا قەید نە جواب « لن ترانی » بوو

شەو سەرگەردانان سەر ئازاد کەرو
شبان وە « وادي أيمن » شاد کەرو

مەر « مەلا »یش نیشو شەو نەدەیجوردا
نە تیرەی تـاریك سـیای بی نوردا !

ئەرسـتارەم بی نـەواو بەرگ بو
وەدین دلدار هویت شاد مەرگ بو

# شیرین تاتاکرد

شیرین تاتاکرد ، شیرین تاتاکرد
تاي توغراي تومـار زیررش تاتـاکرد

کوکو، کوي کەلاف عەنبەر وەلاکرد
خەرمەن خەرمەن میسك خوتەن وەباکرد

پەنجە برد پەرچین نەهـەم جیاکرد
تەخت پیشانیش بەدر دوجـا کرد

حاجبان دوو قەوس پایەی سـەما کرد
موژان تەورتیر توشـنەی غەزا کرد

گیسوی سەراویز چون بەرەزا کرد
سەر نەتوی جامەو دوگمە و قەبا کرد

ساق ستون سیم‌تازە جەلا کرد
خوڕەی خرخالش خەلای بـالا کرد

دەم نوکتەی مەدهوش لایجزا کرد
لە لولەی گەوهەر لۆلۆی لالا کرد

خەم چەشمەی حەیات کەس نەنوشاکرد
چەن کەس چون یوسف خەریکی چاکرد

غەبغەب چون تورنج کەس نەبوساکرد
گەردن سورای ساف سەبوی سەباکرد

وەوشنوی شەوبو شەمال شنیا کرد
نەسایەی سەمەر لیموش جیا کرد

ناف وەعەتر ناف عالەم عەتا کرد
هەر با چون وەمیسك خوتەن خەتاکرد

یان وەعەسای دەست «کلیم الله» کرد
یان وەطلسم کوی گەنج کجا کرد

قـامەت تەرز تول سەول ساوا کرد
ئەوسا وا مأوای جنت ئـاوا کرد

سورین چون شیرین بانوی کسرا کرد
رژگ ئەفزای ئاهو سوب نە سەحراکرد

نەمەز پەنجەی پای حومرەی حەنا کرد
یان وەهون سورخ جەرگ (مەلا) کرد

# بەهـار

ساقي ســادەی شـی وەهار ئـامـاوە
گولان ســەرکیشان نەتوی سەحراوە

هەوای دلگوشاد ئەرد بە هەشتەن
فەروەروی سەحرای گەرمەسەیر وەشتەن

وادەی بادەی ناب سەیر وەهارەن
سەر زەمین مەزهەر لقای دلدارەن

زەمزەمەی مەزاق دل ئەفگارانەن
سەدای تەپل تیپ دەردە دارانەن

وەقت نوشاو نوش سەبوی قەرقەفەن
دەنگ زەلەی زیل دائرەو دەفەن

درەختەن سەوزەن شنوی شەتاوەن
نەوروزەن سوزەن هەوای پای کاوەن

مەیەن مەعشوقەن موحبەتەن مەیلەن
خەمان لەب ریزەن پیالان کەیلەن

شەرەن شورشەن غەوغـان غریوەن
مەرجلوەی جەمال دلان فریوەن

نەگشت دیاری تەجەلای تورەن
فیتنەی گیرودار قەتل مەنسورەن

فەنا فیلاهان مەسـت دلەفگا
بی باك مـەواچـان انی أنا الله

رەندان سەرمەست جان فیدای جانـان
أنا الحق چون زکر زاهید مەوانان

بوتا بگیررین خسرەوی بـەزمی
چەنی هەستییە بکەرین رەزمی

بەزمی چون مجلس بەهمەن وەکام بو
گا حدیث جەم گـا باسی جـام بو

گا گوش نەسەدای چەقانەو چەنگ بو
چەم نەتەماشای ساقی گول رەنگ بو

ئەی ساقی دەخیل من وەی زامـــەوە
التفاتی کەر بو وەلامــــــەوە

عیلاجی پیم دەر ســـود مەندم بو
باعث حیات قـــەیا بەنـــدم بو

رستگارم کە لەی بەندو دامـــە
قەدەم رەنجان کەر وەعدەم تەمامە

تەشریف باوەرە وە و ســـەبوتەوە
وەو پیالەی گول رەنگ چون یاقوتەوە

وەو سینەی سیمین زەرف زەررەوە
وەو جام گول فام بوی عـــەنبەرەوە

هەر کەس بگیلو جامی پەی کامی
دەرمان پەی ئیش هەر دەردو زامی

مطرب تویش وەچـــەنگ دلنەوازەوە
وەو سوز سەمتور ســـەدای سازەوە

وەو موزیقەی مەشق ســـەد قانونەوە
دەم وەســـەدای ساز ئەرغەنوونەوە

مەرباچان «مەلا» یش نەهەستی هویش رەست
بي وەکاسە لیس مەستان ئەلەست

❁❁❁❁

سینەش وەباخچەي لیمو و « بەی » یەوە
مەوقوفەن وەسام « حی » یەوە

حەی و بەی و نەی تەسریفەن وەهەم
حەیان مەگیلیان گول باخچەی وەدەم

مەر باد شەمال بەیو پەیان پەی
نە هەم جیاکو حەی و بەی و نەی

# لەیلاخان (1)

باد لەیلاخان ، باد لەیلاخان
باد عەنبەر باد بورج لەیلاخان
مشنیای تای دیز بەرەزای شاخان
مەشاتەی گیسوی بلند دەماخان
نەسیم محرم مابەین یاران
شارەزای شوقەی شەوبو نەو هالان
نامەیەك نەشەرح دلەی پرر دەردم
شەرحی نە سەودای هەناسەی سەردم
بی خەیلی وەختەن دوورکەفتەی زیدم
غەیر جەتو وەکەس نیەن ئومیدم
نوسانم وەزوخ زامان کاری
برەش وەزامن تون وەدیاري
نامەم بگیلان وە هوزانەوە
بدەروش وەدەس دلسوزانەوە

(1) مەلا فتاح لەکاتیکا ئەم پارچە هەلبەستەي بو دوستەکەی [ لەیلانخان ] نوسیوەتەوە خوی لە ولاتی روم بووەو بیري نیشتمانو دوستو ئەغیاراني کردووە.

وەو ســـوز سینەی دل خەراشەوە
هامسەران یەك یەك بواناشـــەوە
هەرکەس دلسوز بو سوزیش نەدل بو
دیـــك دەرونش پەی من وەکول بو

بگرەوان باچـان لیلایم لیلەن
یە نامەي مەلان نەزانی ویلەن
شـــەمال دەخیلەن تو وەدلشادی
باوەر نامەیەك گەردن ئازادی

ئەوە من رویم وەلای رومەوە
مەر دوعاي خویشان باوەرومەوە
سـەر نیام وەپای مولك رومەوە
مەر دوعاي خاسان بـاوەرومەوە

پەری خانم بریوە گرد پرچ وپوچی
شیرە سەلامەت چاوکەوە توپی

# نیزای باران بارین

فەلەك زەیارەن ، فەلەك زەیارەن
خەلایق پەشـــیو زارو زەیارەن

داراو نە دارا یەكسەر خەمبارەن
چەمەراي رەحمەت فضل جەبارەن

محتاج مفلس ، گـەداو فقـــیر
غنی و بی نەوا ، نە بیناو ئەســیر

انس و وحوش و تەیرو مـــورو مار
زومرەی حیوانات صغیرو كبار

جە نامەی امطار وەعدەش ویردەن
روشان جەقاپی أعلای تو كردەن

كەردەنت ایجاد سەحراو سـەر زەمین
رەزاق و زی روح رب العالمین

پادشــاهی عظیــم و جــەبار
ستارو ســـرپوش واحـــد القهار

بە یەکتایی هویت فەرد بی هـــەمتا
بە روح شـــریف رەوزەی مستەفا

بە پیغەمبەران ئادەم چـــەنی روح
بە شیث و أدریس ، هود پرر فتوح

بە زەکەریا بە ســـەبری أیوب
بە حوسني یوسف بە نوحەی یاقوب

بە موساي کەلیم ، وەوعیسای مەریەم
بەگشت مرســـلان نامان وەقەلەم

بەگشت شهیدان دەشت کەربەلا
یەکاو یـەك تســـلیم لە راجـــانفیدا

